


نیللی مەقدسی بۆ گوڵان:

# ڕقم لەپیاوێکە کە خاوەن کەسایەتییەکی لاواز بێت و دوو دڵ بێت لەبڕیارداندا

بەیروت — فاییان عون



■ لەئێستادا هیچ پێوەندییەکی خۆشەویستیم نییە، بۆیە باوەڕ ناکەم بچمە نێو قەفەسی زێڕینەوە.

**جوان و ڕۆح سووکە، لەرووی ئەداوە بە دەوی بەیەکەم دادەنرێت، زۆر ڕاستگۆیانە گۆرانی دەڵێ بەجۆرێك هەست دەکەی گۆرانی و ئاوازەکانی لەدڵەوە هەڵدەقوڵێن و زۆریش لەدڵی گوێگرەوە نزیکن، ئەمانە هەموویان سیفاتی نیللی مەقدسین کە بەشازادە دەناسرێ، لەبەیروت چاومان پێیکەوت و ئەم دیمانەیەمان لەگەڵیدا ساز کرد.** ■

*** بیستوومانە کە ئەمساڵ خێرو خۆشی بۆ تۆ دەبێت و دەچیە نێو قەفەسی زێڕینەوە؟**

- تەنیا تۆ ئەم پێشبینیەت نەکردووە چەندین هاوڕێی دیکەش هەمان پێشبینیان کردووە و زۆریش هانم دەدەن بۆ ئەم هەنگاوە و ئامۆژگاریم دەکەن بۆ ئەوەی بچمە نێو قەفەسی زێڕینەوە، بەڵام من لەئێستادا هیچ پێوەندییەکی خۆشەویستیم نییە، بۆیە باوەڕ ناکەم بچمە نێو قەفەسی زێڕینەوە.

*** پێوەندیت لەگەڵ هونەرمەند زیاد بورجی چۆنە؟**

- زیاد تەنیا وەك برا و هاوڕێیەکی نزیکە و هیچی تر.

*** هەواڵی پێوەندی کردنت بەکۆمپانیایەکی بەرهەمهێنان تا چەند ڕاستە؟**

تا ئێستا مەسەلەکە یەکلایی نەبۆتەوە، بەڵام لێتان ناشارمەوە ئێستا گفتوگۆ لەئارادایە لەگەڵ کۆمپانیایەکی بەرهەمهێنان کە گرنگی بەئەلبوومێکی نوێی من دەدات و بەم نزیکانە بڵاودەکرێتەوە، هیوادارم گفتوگۆکانمان بەرهەمی هەبێت و لەبەرژەوەندی هەردوولادا بێت.

*** ئەی سەبارەت بەنواندن؟**

-نکۆڵی لەوە ناکەم کە پێشتر بیرم لێ نەدەکردۆتەوە، بەڵام ئێستا بارودۆخ گۆڕاوە، چونکە زۆر کەس داوام لێدەکەن و پارەی زۆریشم پێشکەش دەکەن، بەم بۆنەیەوە بەپێویستی دەزانم ئاماژە بەوە بکەم کەوا بەشداری لەکارێکی نواندن دەکەم لەهۆلیۆد لەگەڵ دەرهێنەرێکی ئەمریکی، هیوادارم لەو ئاستەدا بێت کە من دەمەوێ.

*** بەهێزترین ڕکابەرەکانی نیللی لەگۆڕەپانی هونەریدا کێن؟**

- بەهەموو تەوازوعەوە هیچ ڕکابەرم نییە، چونکە هەر هونەرمەندێك پلانی خۆی هەیە و جیایە لەکەسانی تر و بەشێکی زۆری جەماوەری هەیە.

***بەم دواییە نازناوی (باربی)ت پێ بەخشرا، بۆ تۆ چی دەگەیەنێت؟**

-شانازییەکی زۆر بەم نازناوەوە دەکەم، جگە لەوە (باربی) نیشانەی باڵایی و جوانییە و لای منیش زۆر پەسەند و خۆشەویستە، بێگومان هەموو کەسێك حەز دەکات نازناوی نوێ و خۆشی پێ بدرێت، جگە لەم نازناوە خانمە میدیاکاری میسری (هالە سەرحان) نازناوێکی دیکەی پێ بەخشیوم ئەویش (پەپوولەی گۆرانی)یە.

*** نیللی بەکێ دەڵێ (سوپاس) و بەهۆکاری دەرکەوتن و سەرکەوتنی خۆی دەزانی؟**

- بۆ یەك ساتیش ناتوانم ڕۆڵی دەرهێنەری گەورەی لوبنانی سیمۆن ئەسمەر لەبیر بکەم، هەروەها هیوادارم سەر لەنوێ ئەو بەرنامە خۆشانە بگەڕێنەوە کە ئەو سەرپەرشتیان دەکات، چونکە ئێمە ئێستا پێویستمان بەو بەرنامانەیە کە کەسانی داهێنەر دەردەخەن و نیشانەی ئەوەن کە هێشتا کەسانێك ماون خەم لەهونەری ڕەسەن دەخۆن.

*** باست لەپڕۆژەیەکی هونەری نوێ کرد، دەکرێ بزانین ئەم پڕۆژەیە چییە؟**

- ڕاستە و ئەم پڕۆژەیەش جیاوازە لەهەموو کارەکانی پێشوومدا، چونکە من بەجددی بیر لەوە دەکەمەوە کە باڵەخانەیەك دروست دەکەم بۆ ئەوەی شوێنی زۆرترین منداڵی بێسەروشوێن لەخۆ بگرێت و یارمەتییان بدەم بۆئەوەی پێگەیەکی شیاویان هەبێت لەکۆمەڵگە و دەستپێکردنی ژیانێکی نوێی بێئەوەی تووشی هیچ گرفتێك ببنەوە، ئەویش بەپڕ چەك کردنیان بەزانا و فێربوونی پیشەیەك لەو کاتەوەی کە لەدەزگاکەدا دەمێننەوە.

*** زانیومانە بەنیازی سیدییەك بە گۆرانییەکانی (سەمیرە تۆفیق) بڵێی، کەی ئەم سیدییە تەواو دەبێت؟**

- پەنا بەخوا بەم نزیکانە ئەم سیدییە تەواو دەبێت، چونکە من لەخۆئامادە کردندام و دڵنیام وەرچەرخانێك دەبێت لەژیانی هونەریم، چونکە خۆشترین گۆرانییەکانی سەمیرە تۆفیق لەخۆ دەگرێت، من وەك نیللی مەقدسی زۆر شت لەو هونەرمەندە گەورەیە فێر بووم و زۆریش یارمەتی داوم لەکاروانی هونەریم، پێموایە ئەمەش کاریگەرییەکی زۆری لەسەر ژیانی من هەبووە، چونکە بەهۆی سەمیرە تۆفیقەوە عاشقی گۆرانی (بدوی) بووم کە هەموو کەسێك ناتوانێت بیڵێت.

*** تایبەتمەندییەکانی سوارچاکی خەونەکانت چین؟**

- حەز لەپیاوی ڕۆژهەڵاتی دەکەم کە بەشداریم بکات لەهزر و ئاواتەکانم، ئەمە سەرەڕای ئەوەی دەبێ کەسێکی دڵسۆز بێت، تێگەیشتنی بۆ من و کاری من هەبێت، لەهەموو شوێنێك سەرنجڕاکێش بێت، بەڵام ڕقم لەپیاوێکە کە خاوەن کەسایەتییەکی لاواز بێت و دوو دڵ بێت لەبڕیاردانا.





# تۆز و خۆڵی ١١ی سێپتێمبەر کوشتی

بەپێی ڕاپۆرتێك کە بەر لەچەند ڕۆژێك بڵاوکرایەوە هۆکاری سـەرەکی گیان لەدەستدانی ئەستێرەی دیسـکۆی جیهانی دۆنا سامر هێرشـەکانی ١١ی سێپتمبەری سـاڵی ٢٠٠١ بوو کە کرایە سەر ناوەنـدی بازرگانی جیهانی. لەڕاپۆرتەکـەدا هاتووە کە ئەم هێرشـانە بوونە هۆی ئەوەی سامر تووشی شـێرپەنجەی سییەکان بێت و لەئەنجامدا گیانی لەدەستدا، لەم بارەیەوە ڕۆژنامەی (سـەن) بڵاویکردۆتەوە لەکاتی ئەنجامدانی هێرشەکان لەنیویۆرك دەژیـا و ئەو تۆز و خۆڵەی لەئەنجامی ڕووخانی دوو تاوەرەکە پەیدا بوو چەند ماددەیەکی ژەهراوی تێدا بوو وەك ئەسـپۆتس و جیوە و مس، ڕۆژنامەکە هەروها ئەوەشـی لەسەر زاری سامر بڵاوکردۆتەوە کـە دوای هێرشـەکان هەندێك لەو تـۆزەی هەڵمژیوە و لەئەنجامدا تووشی شێرپەنجە بووە، هەر بۆیەش دوای هێرشـەکان زۆر ترساوە و نەیدەتوانی لەماڵەکەی خۆی بێتە دەرەوە و خۆی لەژووری نووسـتن بەند کردبوو. لەلایەکی دیکەوە بەگوێرەی ڕاپۆرتە پزیشـکیەکان ئـەو ماددە ژەهراویانەی دوای هێرشـەکان بڵاو بوونـەوە، بوونەتە هۆی گیان لەدەستدانی ١٠٠٠ کەس کـە ٣٥٠ یان بەهۆی شێرپەنجەی سییەکانەوە بووە.



# جاکی شان بێزار بووە و واز دەهێنێت

دوای ئـەوەی بۆ ماوەی چەندین سـاڵ یەکێك لەناودارترین ئەسـتێرە سینەماییەکانی جیهـان لەفیلمەکانی ئەکشـن و کۆمیدیا و دوای ئەوەی نزیکەی ١٠٠ فیلمی بەرهەمهێنا و بەشداری تێدا کرد، ئەکتەری جیهانی جاکی شـان بڕیاریدا واز لەبەشـداری کردن بهێنێت لەفیلمەکانی ئەکشن.

جاکی شـانی تەمەن ٥٨ساڵ ڕایگەیاند کە لەئێسـتادا بەتەمەن گەورە بووە بۆئەوەی بتوانێت هەمان جوڵەکانی بیسـت ساڵ پێش ئێسـتا دووبـارە بکاتەوە و ئـەو دڕندەیی و توندتیژییەی کە ئێسـتا لەجیهاندا بڵاوبۆتەوە یەکێـك بووە لەو هۆکارانەی کە بیر لەم بڕیارە بکاتەوە، جاکی شـان ئەوەشـی ڕاگەیاند کە لەوانەیە تەنیا واز لەفیلمەکانی ئەکشن بهێنێت، بەڵام وتی دەمەوێ جەماوەر دڵنیا بکەمەوە کە من لەدەرەوەی فیلمەکانیشدا لەژیانی ئاساییم دەتوانم هەموو جوڵەکانی نێو فیلمەکان ئەنجام بدەم.

# قەڵەوی ڕای دەبـــ

خانمە ئەکتەری ناوداری هیندی و جیهانی ئیشـواریا ڕای ڕووبەڕووی هێرشێکی توند بۆتـەوە بەهۆی زیادبوونی کێشـی لەشی دوای لەدایکبوونی یەکەم منداڵی لەکۆتاییەکانی ساڵی ٢٠١١.

رای تەمەنـی ٣٨ سـاڵ و هاوسـەری ئەبیشاك باتشانی کوڕی ئەستێرەی ناوداری جیهانـی و هیندی ئەمیتاب باتشـان، لەم بارەیـەوە ڕایگەیاند کەوا زۆر بەپەلە نییە بۆ ئەوەی کێشی لەشی دابەزێنێت، چونك زۆر دڵخۆشە بەدایکایەتی، بەڵام کێشەی دابەزینی کێشی لەشی ڕای ئێسـتا بۆتە کێشەیەکی

# دانی ١,٥ ملیۆنی ڕەتکردەوە

ئەستێرەی ئوسترالی دانی مینۆگ ڕەتیکردەوە بەشداری بکات لەبەرنامەی (ئیکس فاکتۆر) وەك ناوبژیوان بەهۆی توڕەبوونی بەسایمۆن کاولی بەرهەمهێنەری بەرنامەکە، بەمەش بڕی یەك ملیۆن و نیو دۆلاری ڕەتکردەوە.

بەپێی هەواڵی ڕۆژنامەی(سەن)ی بەریتانی هۆکاری ڕازی نەبوونی دانی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە پێشتر پێوەندی خۆشەویستی بەشێوەیەکی نهێنی لەگەڵ سایمۆن هەبووە کە ئەویش لەلای خۆیەوە هەستاوە بەئاشکراکردنی وردەکارییەکانی ئەم پێوەندییە، ڕۆژنامەی (سەن) ئەوەشی ڕاگەیاند کە دوای گفتوگۆیەکی دوو ڕۆژە دانی داوای بڕی ٧,٨ ملیۆن دۆلاری کردبوو ئەمەش وەك بیانووەك بۆئەوەی بەشداری نەکات لەبەرنامەکەدا، لەلایەن خۆیانەوە چەند کەسێکی نزیکی دانی ئەوەیان ئاشکرا کە ئێستاش زۆر توڕەیە بەهۆی ئەوەی کە سایمۆن پێوەندی نێوانیان ئاشکرا کردووە لەکتێبێك کە باسی ژیانی تایبەتی خۆی دەکات و لەمیانەی کتێبەکەیدا زۆر بەسووکی باسی پێوەندییەکە دەکات، ئەمەش بووە مایەی توڕەبوونی دانی و بۆ ئەوەی بەشداری نەکات داوای بڕێکی زۆر پارەی کردووە.



# نور ماڵی گەنجێکی سعودی وێران کرد

خانمە ئەکتەری تورکی سونگول ئودینی کە بە (نور) ناسراوە ئێستا لەنێو گەنجە عەرەبەکان بەئەکتەری پلەیەك دادەنرێت و جگە لەسەیرکردن و چاودێری کردنی هەر کارێکی ئەم ئەکتەرە ئێستا زۆر لەگەنجانی کەنداو تەنیا بۆ بینینی سەردانی تورکیا دەکەن. لەم بارەیەوە (نور) لەدیمانەیەکیدا لەگەڵ گۆڤاری (سیدتی) ی ئیماراتی دا ڕایگەیاند کە یەکێك لەڕۆژنامە سعودیەکان هەواڵێکیان بڵاو کردۆتەوە گوایە گەنجێکی سعودی کە هەوادارێکی سەر سەخت و کەللەڕەقی ئەم هونەرمەندە تورکییەیە، ئەو دەستگیرانەی خۆی تەڵاق داوە کە دایکی بۆی دەستنیشان کرد بوو تەنیا لەبەر ئەوەی کە شێوەی لەشێوەی(نور) ناچێت.

دەربارەی ڕووداوەکە (نور) لەدیمانەکەدا دەڵێ: بۆ من ڕووداوێکی لەم جۆرە زۆر ناخۆش بوو کە بوومە هۆی ئەوەی خێزانێك تێك بچێت، بەڵام لەهەمان کاتدا بۆ ئێمەی هونەرمەند ئەم جۆرە ڕووداوانە دەبنە سەرچاوەی هێزی زیاتر..



# ...ێتە کێشەی ئاسایشی نەتەوەیی



نیشتمانی لەهیندستان و زۆر کەس بەئاشکرا ڕایانگەیاند کە ئەم ئەستێرە جیهانییە ئەرکێکی لەسەر شانە بەرامبەر بەجەماوەرەکەی ئەویش ئەوەیە کە دەبێ زوو هەوڵ بدات کێشی لەشی دابەزێنێت و بگەڕێتەوە سەر دۆخی جارانی خۆی بەتایبەتی ئەگەر بیەوێ بەشداری بکات لەفیستڤاڵی (کان)ی سینەمایی.

لەلایەکی دیکەوە ماڵپەڕێکی ئەلیکترۆنی دوو وێنەی جیاوازی ڕای بڵاوکردەوە پێش و دوای منداڵی ببێت و زیاتر لە٥٠٠ هەزار کەس ئەم ڤیدیۆیەیان بینی و جیاوازییەکان زۆر بەئاشکرا دیار بوون لەنێوان هەردوو قۆناغی ژیانی ڕای.

## عادل حەسەن:

# لەو باوەڕەدام فیستیڤاڵی دهۆک بگاتە ئاستی فیستیڤاڵی کان

**بەڕێوەبەرایەتـــی ڕۆشـــنبیری و هونەر لەدهـــۆك بەیەکێـــك لەبەڕێوەبەرایەتییە پڕ لەچالاکییەکانی سەر بەوەزارەتی ڕۆشنبیری و لاوانـــی حکومەتی هەرێمی کوردســـتان دادەنرێت، ئەویش لەڕێگای کار و چالاکیە بەردەوامەکانیانەوە، بۆ پتر تیشك خستنە سەر کارو چالاکییەکانـــی داهاتوویان بەتایبەتی فیستیڤاڵی سینەمایی نێودەوڵەتی لەدهۆك و فیســـتیڤاڵەکانی و چەند پرسێکی دیکە، بەڕێز عادل حەســـەن بەڕێوەبەری گشـــتی ڕۆشـــنبیری و هونەر و وەرزش لەدهۆك بۆ گوڵان هاتە ئاخافتن.**

ســـەرەتا بەڕێزیـــان دەربـــارەی گرنگترین ئەو چالاکیانـــەی کە بڕیارە لەمـــاوەی داهاتوو ئەنجام بدرێن وتی: ئێمە وەکو وەزارتی ڕۆشنبیری و لاوان لەســـنووری پارێزگای دهۆك بەردەوامین لەســـەر کار و چالاکییەکانمان کە مەبەســـت و ئامانجێکی پیرۆزی خۆی هەیە و چەندین بواری جیاجیا لەخۆ دەگرێـــت وەکو (گۆرانی، ئاهەنگ و کۆنســـێرت، پیشانگای شێوەکاری و پەیکەرتاشی، شانۆگەری، کۆڕ و ســـیمینار و دیداری هونـــەری) گرنگترین چالاکییە گەورەکانیشـــمان لەبـــواری هونەری ئەم ساڵ بریتین لە:

١- فیستیڤاڵی دهۆکی سینەمایی نێودەوڵەتی.
٢-فیستیڤاڵی پێکەوە ژیان لەزاخۆ.
٣-فیستیڤاڵی فۆلکلۆری.

عادل حەسەن دەربارەی بیرۆکـــەی ئەنجامدانی فیســـتیڤا لێکی نێودەوڵەتـــی بـــۆ ســـینەما لەشاری دهۆك ئاشکرای کرد کە دوای ئەوەی بەبڕیارێکی وەزارەتـــی ڕۆشـــنبیری و لاوان، بەڕێوەبەرایەتـــی سینەما بوو بەبەشێك لەبەڕێوەبەرایەتی ڕۆشنبیری و هونەر و وەرزشی دهۆك، چەند دیدارێکیان لەگەڵ ســـینەماکاران ئەنجامدا بەتایبەتـــی کۆمپانیای میتـــۆس فیلمـــی ئەڵمانـــی بەپێویســـتمان زانی فیســـتیڤاڵێکی سینەمایی ســـاز بکەین لەو شارە، بۆیە بڕیار درا ئەم فیســـتیڤاڵە بەناوی فیستیڤاڵی ســـینەمایی (دهۆك- بەرلین) بێت کە ســـاڵی پار ئەنجامدرا وەك ئەزموونێك و بێ ئەوەی ژمارەی بۆ دابنرێـــت، دواتر بۆمان دەرکەوت کە ئێمە وەك کورد دەتوانین فیستیڤاڵە نێودەوڵەتییەکان ئەنجام بدەین و وەکو لیژنەی باڵای فیستیڤاڵ بڕیارماندا بەردەوام بین لەســـازکردنی ئەم فیســـتیڤاڵە و ئەنجوومەنی وەزارەتی ڕۆشنبیری و لاوانیش بڕیارەکەی ئێمەی پەســـەند کرد و ئێســـتا لەخۆ ئامادە کردنداین بۆ سازدانی.

ئەو دەربارەی لیژنەی دادوەری و ئەو میوانانەی کە لـــەدەرەوە دێن بۆ فیســـتیڤاڵەکە وتی: هەموو هەوڵێـــك دەدەیـــن بۆ ئـــەوەی لیژنـــەی دادوەری فیســـتیڤاڵەکە ئەو ســـینەماکارە جیهانیانە بن کە پێشتر لە لیژنەی دادوەری فیستیڤاڵە جیهانییەکان بوون وەك فیســـتیڤاڵی بەرلین و بۆســـان هەروەها هەوڵی خۆمان خســـتۆتە گەڕ بۆ ئـــەوەی چەند ئەستێرەیەکی سینەمایی جیهانی بانگهێشت بکەین، لەلایەکی دیکەشەوە لەهەوڵداین بۆ ئەوەی سپۆنسەر بۆ فیســـتیڤاڵەکە پەیدا بکەین، چونکە بەهەبوونی سپۆنســـەر فیســـتیڤاڵەکە جوانتر و سەرکەوتووتر و بەهێزتر دەبێت بۆیە بانگهێشـــتنامە و مەرجەکانی فیستیڤاڵەکەمان بەگوێرەی سیستمێکی ئەکادیمی و زانستی بەسەر کۆمپانیا گەورەکاندا بڵاوکردۆتەو و چاوەڕێـــی وەڵامەکانیانیـــن تاکو ٢٠١٢ /٧/١ و لەو باوەڕەدام ڕۆژێك لەڕۆژان ئەم فیستیڤاڵە بگاتە ئاستی فیستیڤاڵە جیهانییەکانی وەك (کان).

لەوەڵامـــی پرســـیارێك دەربـــارەی ئـــەوەی فیستیڤاڵەکە تەنیا بۆ ئەمساڵ دەبێت یاخود دەبێتە نەریتێکی ساڵانە؟ عادل حەسەن وتی: ئەنجوومەنی فیســـتیڤاڵ بڕیاریداوە کە فیستیڤاڵەکە ساڵانە بێت و زیاتر خەڵکی کوردســـتان بەشـــداری تێدا بکات بەتایبەتی خەڵکی شاری دهۆك، فیســـتیڤاڵەکە ٧ ڕۆژ دەخایەنێـــت و ڕۆژانـــە ٩ کاتژمێر چالاکییەکان ئەنجام دەدرێن و دابەش کراوە بۆ دوو بەشـــی نێودەوڵەتی و کوردســـتانی، بەشی نێودەوڵەتـــی فیلمی کورت و درێژ و دیکیۆمنتاری لەخۆ دەگرێت و بەگوێـــرەی کوالیتی فیلمەکان و کاتی فیســـتیڤاڵەکە دیار دەکەوێ کە چەند فیلم بەشدار دەبن، ئێستا ئەنجوومەنەکانمان لەئەمریکا — ئەڵمانیا - بولگاریا - ئێران — تورکیا — فەرەنســـا و بەردەوامن لەسەر کاری خۆیان و لەڕۆژی ٧/١٥ /٢٠١٢ ڕێژەی بەشداربووان ئاشکرا دەکرێت.

دەربـــارەی گرنگی پێنەدانـــی میدیاکان وەکو پێویست بەفیستیڤاڵی پار ساڵ عادل حەسن وتی: ئەو میدیا و دەزگایانەی کە لەسنووری پارێزگای دهۆك چاپ و بەخش و بڵاو دەکرێنەوە زۆر بەباشی ڕووماڵی فیستیڤاڵەکەیان کرد و بەئەرکی نەتەوەیی خۆیـــان هەســـتان، تەنانەت زۆر لەوانە بەشـــێوەی (میدیا پارتنەر) بوون، ڕاســـتە میدیاکانی دەرەوەی پارێزگای دهۆك گرنگییان پێی نەدا، بەڵام ئەگەر فیستیڤاڵەکە لەشاری ئەوان یان لەدەرەوەی کوردستان بوایە، ئەوا بێگومان گرنگییەکی زۆریان پێدەدا.

لەکۆتاییدا دەربارەی تەوقیتی فیســـتیڤاڵی پار لەگەڵ ئەو فیســـتڤاڵانەی لەشـــارەکانی هەولێر و سلێمانی ساز کران، عادل حەسەن وتی: ئەم پرسیارە پێوەنـــدی بەئێمـــەوە نییە، چونکە ســـاڵی ڕابردوو شەش مانگ بەر لەســـازدانی فیستیڤاڵەکە ئێمە کاتی ســـازکردنیمان ڕاگەیاند ئەو فیســـتیڤاڵەش نێودەوڵەتـــی بـــوو، بۆیە پێویســـتە ئەم پرســـیارە ئاڕاستەی ڕێکخەرانی فیســـتیڤاڵەکانی هەولێر و سلێمانی بکرێت، بۆچی ئەو کاتەی ئێمە دیاریمان کرد ئەوانیش بیریان هاتەوە، بۆیە ئێستاش دووبارەی دەکەمـــەوە ئێمە لەمانگـــی ٤ ڕامانگەیاندووە کە لەمانگی ٩ فیســـتیڤاڵی ســـینەمایی نێودەوڵەتی لەدهۆك ئەنجام دەدەین، ئێمە چیبکەین کە ئەوانیش لەهەمـــان کاتدا هەمـــان کار دووبـــارە بکەنەوە و فیستیڤاڵ ئەنجام بدەن.

لێرەدا دەمەوێ یـــەك تێبینی بخەمەڕوو ئەویش ئەوەیە کـــە ئەم فیســـتیڤاڵە هیـــچ پێوەندییەکی بـــە بەرهەمهێنانـــی فیلمـــەوە نییە، بـــەڵام وەکو فیستیڤاڵ ئێمە وەکو وەزارەتی ڕۆشنبیری و لاوانی حکومەتی هەرێمی کوردستان سپۆنسەری سەرەکی





## دۆزینەوەی ڕێگەوشوێنێك
## بۆ بەشداربوونی کورد لە پێشەنگا نێودەوڵەتیەکان

# پێشەنگای دروپا بەنموونە

هەر چوار ساڵ جارێك بەناوی دروپا لە دۆسلدروفی ئەڵمانیا پێشـــەنگایەکی نێودەوڵەتی دەکرێتەوە کـــە گەورەترین دیداری زیندووی جیهانیە بۆ پیشـــاندان و خســـتنەڕووی ئامێرەکانی چاپ و پەڕاوگەو چۆنیەتی چاپ و ئامێری دەستەبەندی و کەرەسەی خاو و بەرهەمهێنانی کەرەسەی دەستەبەندی کاغەز و مقـــەواو قۆناغەکانی چاپکردن و جۆرەکانی کەرەســـەکانی تری چاپ لەکاغەز و پلێت و مەرەکەب و نایلۆن و ســـەلفەنەو پیشەسازی چاپ بەگشتی..تاد.

ئـــەم پێشـــەنگایە زۆر فراوانە نەك تەنیـــا لەبواری چاپی ڕۆژنامەو گۆڤار و کتێب و بلاڤۆکان، بەڵکە وێنەو پۆســـتەر و نایلۆن و دەســـتەبەندی و بەرنامەی سۆفت وێردو کەرەسەکانی کۆمپیوتەر و تەلەفزیۆن..تاد

هەموو کۆمپانیاکان و نوێنەرانیان و هەروەها وڵاتانی دنیاش لەســـەر ئاســـتی وەزارەتە پێوەندیدارەکانی دەرەوەو ڕۆشنبیری لەڕۆژانـــی پێشـــەنگا پێکەوە هەماهەنگی دەکەن و بەشـــدار دەبن..

### مێژووی پێشەنگای دروپا

لەســـاڵی ١٩٥١ بۆ یەکەمین جار لەشـــاری دۆســـڵدورف پێشـــەنگای دروپا کرایەوەو دواتر لەساڵی ١٩٧٢ بەدواوە هەر چوار ســـاڵ جارێك ســـاز دەکرێتەوەو بەمەزنترین پێشەنگای چاپ لەجیهان دادەنرێت کە ١٧ هۆڵی گەورە لەسەر ڕووبەری ١٧٠٠هـــەزار مەتر دوجایـــە، ئەوەش بەســـەر ١٨٠٠ ژووردا دابەشکراوە..

### ڕێکخستنی پێشەنگا

هۆڵەکان بەجوانترین شـــێوە لەلایەن چەنـــد کۆمپانیایەکی بەرهەمهێنانی ئامێرەکانی چاپخانەوە ڕێکخراوەو ئیشپێکردنی ئامێرەکانیش ڕاستەوخۆ بە بەرچاوی میوانانانەوە بەرهەمەکانی دەخاتە ڕوو، هەر ئەمە وای کردووە وڵاتان بەســـەدان کارمەندو پسپۆرانی خۆیان بنێرنە پێشـــەنگاکەوە هەر بۆ نموونە وڵاتی لوبنان ئەمساڵ ٢٥٠٠ کەسی ناردبوو یان وڵاتی ئێران ١٨٠٠ کەس و لەمیسریشـــەوە ١٥٠٠ کەس و لەتورکیاشـــەوە چەندین کۆمپانیا بەشـــدار بوون تێیدا..

کاتژمێـــر ٩ی بەیانـــی ڕۆژی ٢٠١٢/٥/٣ دەرگای پێشـــانگا بەڕووی میوانان کرایـــەوە و تا ٢٠١٢/٥/١٦ بەردەوام بوو، نرخی پلیتی چوونـــە ژوورەوە ٦٥ یۆرۆ بوو بەهەمـــان پلیتەوە هەر بەشـــداربوویەك دەیتوانی بەخۆڕایی بەناو هەرێمی دۆســـڵدورف هاتوچوون بـــکات، لەناو هۆڵـــی پێشـــەنگاکەدا بە وردی تەماشـــای ئامێرەکانی چاپی وەك موکرمارتین و دەســـتەبەندی و تەجمیع و ئۆفسێتی ژمارەیی و ئۆفسێتی چاپ و مقەست و ئامێری ترمان کرد تا بتوانین بەباشترین شێوە چاپخانەکانی کوردستانی لێ ســـوودمەند بکەین، ئومێد دەکەین لەپاش پەســـەندکردنی بودجەوە لەهەرێمی کوردســـتان بتوانرێت بەپێی یاســـا پارەی پێویست بۆ ئەو بوارە تەرخان بکرێت، تا نوێنەرانی وەزارەتەکان بتوانن ئەدرێس و جۆرو نرخ و مۆدێل و کەتەلۆکی شـــێوازی کارپێکردنی ئەو ئامێرانە لەگەڵ خۆیان بهێنەوە..



شاکر ئەبوبەکر عەزیز

### پێشنیاز

پێشـــنیاز دەکەم کـــە وەزارەتـــەکان بەهەماهەنگی لەگەڵ فەرمانگـــەی پێوەندییەکانی دەرەوەی حکومەت و بەهاوکاری کونســـڵخانەکانەوە بتوانرێت ڤیزە بۆ ژمارەیەکی زۆری ئەهلی چاپ و تاقیگەی وێنەگر و تابلۆکێش و بازرگانانی چاپەمەنی دابین بکرێت بۆ ئەوەی وەك وڵاتانی دەوروبەر ســـوود لەم جۆرە پێشەنگا نێودەوڵەتیانە وەربگیرێت بەمەبەستی نەك تەنیا کڕین، بەڵکو گرنگتر لەوە وەرگرتنـــی نوێنەرایەتی ئەو کۆمپانیانەن لەهەرێمی کوردستان، چونکە لەســـەردانەکەماندا بینیمان کە بەســـەدان بازرگان لەبەغداوەو بەنـــاوی حکومەتی عێراقەوە بەفەرمی نوێنەرایەتییان وەرگرتبوو، بۆیە باشترە هەوڵ بدرێت تـــا بتوانین نوێنەرایەتی عیراق بۆ پســـپۆرانی بواری چاپ و بازرگانانی هەرێمی کوردســـتانیش لەهەمـــوو بوارەکانەوە وەربگرین و تا ئەمانیش لەو پێشکەوتنانەی بواری چاپەمەنی دنیا بێبەش نەبن..

